کاوەی خەسرەو کاوانی
هەولێر

## ( بـــــڕیار وابوو )

بڕیارم دابوو کەئیتر
بۆ هیچ جوانێ شیعر نەنووسم
بە چاوانم چاوەکانی
هیچ ئازیزێك رانەمووسم
کە تۆم بینی
نە چاوانم بە نیگاکان
توانی چاوت رانەمووسێ
نەهێزی بەرگری شیعر
خۆی پێ گیرا بە خۆی
خۆی بۆتۆ نەنووسێ .

## ( نەخشە )

کەبەدزەی نیگای چاوم
سەیری چاوانی تۆ دەکەم
زۆر نهێنی نیشتمانم
1
لەچاوانی تۆ دەبینم
چاوەکانت
راکێشەری چاوی منە
لە چاوانت نەخشەی
وەلاٌتێك دەبینم
سالٌهایە
لەم گەردوونە لێمان وونە.

## ( بەرەو خۆر فڕین )

ئەوەی دەوێت
بەرەو خۆر بفڕێت
تا بەرزتر بێت
زووتر دەسووتێ
بەهێزی تیرۆژ ,
کەچی لای روون و
ئاشکرایە کە

دەبێتە بەشێك
لەهێز گەرماو
رووناکی رۆژ .

## ( کەتۆ هاتی )

کە تۆ هاتی
دڵم لەگەڵ چرپەچرپی
هەنگاوەکانت راچەڵکی
ختووکەی خۆشی بەهاری
خۆی کوتایە ناو دەروونم
سەپابەزەبری زۆرداری .

2

## ( خۆشەویستی )

خۆشەویستی
دەریاییێکی بێ سنوورە ,
کە تۆ یان ئەوم خۆش بووێ ,
یان هەردووکتان
بەبێ وویستە ,
عیشقێ تۆ بێ ,یان عیشقی ئەو
هەردووکیان لام خۆشەویستە .

## ( نەسێمێك )

نەسیمێك تێکەڵ بە بۆنی چڵە نێرگزی بەهاری و
نامۆیی و عیشق و سووتانێکی ئەبەدی
بە هەوێنی بۆنی تۆوە
لە دوورەوە
لە درزی پەنجەرە شکاوەکەی
چەشنی دڵە بێ ئۆقرەکەم
خۆی دەخاتە نێو باوەشی تامەزرۆم
بێ ژووان دێتە ژوورە
نەسیمێك ئاوێتەی بۆنی
غەریبانەی ساڵانی پڕ لە
غوربەت و حەزو سووتان
دێت و دەچێتەوە نێو رۆح و

دەروون دەخاتە بەر پێڵی

حەژمەتی ژان ,

نەسیمێك تێکەڵ بە بۆنی نیشتمان و

سەدای مێژووی کارەسات و

باروت و خوێن ,گڕوئاسن

3

لەگەڵ عیشق و ئەوینی تۆ

هێواش ,هێواش دەتوێتەوە لە ناخی

## ( چ ساڵێك بوو .... )

چ ساڵێك بوو لە دایك بووین

ئائەو ساڵەی خوێن و بۆمبا

تێکەڵ بوو بە سەرتاپای شار

بۆڕانی گریانی بەکوڵ

خەمی هێناو زەردەخەنەو

پێکەنینی کردە ئازار

⋆ ⋆ ⋆

چ رۆژێك بوو

جەژنی دایك بوونی خۆمان

کردە ئاهەنگ

ئائەو ساتەی بۆمبا باراو ...

کەوتینە بەر شێلکەی تفەنگ

⋆ ⋆ ⋆

ئەی ئەو رۆژەی بۆ یەکەم جار

هەنگاومان نا بەرەو دەرگای

یەکەمین پۆل

ئا لەو رۆژەی لەگەڵ بۆنکرۆزی باروت

ئاوارە بووین لە دەشت و دۆڵ

⋆ ⋆ ⋆

چەندان ساڵە چیمان دیووە

کێ وەك ئێمە ئورفەتی بە خاك گرتووە و

خوێنی بەزەوی بەخشیووە ,

ئێمە هەین و نازانین کەی

چاو بە جیهان هەڵدەهێنین

4

ئێمە هەین و نازانین کەی

یەکەم ئالا

لەسەر بانی  گەورە مالآ

هەڵدەدەین و كۆتای بەم خەمە دێنین .

## ( كــەركووكــەكــەم )

زۆر جار دەڵێن

هۆنراوەم زۆر بۆت نوسیووە

لێوی هۆنراوەكانی خۆم

بەناوی تۆ تەڕ كردووە و

چەندان جار تۆم راموسیووە ,

ئازیزەكەم

شاعیر  وەكو  ئەو  دایكەیە

بۆ  ئەو  رۆڵەی  كە ێ ی  وونە

دڵی گیرۆدەی  سووتانە

دەروونی  بۆ  پڕ لەزامە

چاویشی حەز  بە گریانە ,

ئەی شارەكەم ,كەركووكەكەم

تۆش ئەو رۆڵەی ساڵەهایە

لەمن  وونە

بۆیە هەردەم ناوەكە تۆ

لەسەر لێومەو

سەرچۆپی هۆنراوەی منە .

## ( چ پۆلاییێكی بە هێزە )

چ پۆلاییێكی بەهێزە ئەم سنوورە

رێگای بەناو ماڵمان دایەو

زیاتر لە تەمەنێك دوورە

ساڵەهایە

كۆرپەكانمان بە ترسەوە لە دایك دەبن

ئەوان ئاڵەن  (1)

ئالوز(2) و ئاژار(3) دز  و ئالها(4) كوژن

لە باوەشی رووناكی دا

شەوەزەنگ و تەم و مژن

ئەوان لە جەژنی ئێمەدا

بو ئارەقەی نێوچاوانمان

جەژنی لە  دایك بوونیان

دەكەن بە گۆرانی و ئاهەنگ

**ئێمەش بە تیلە چاوانمان**

**بە خەندەو هەنسکی گریان**

**لە نێو ئەو هەموو رەنگانە دەژین بێ رەنگ**

**چ پۆلاَیێکی بە هێزە**

**چ فلیمێکی بێ کۆتای**

**تراژیدی خەمەنگێزە .**